مانگی هەنگوینی نێوان کوردو ئیسرائیل

سۆران عومەر

عام ١٩٦٨ ، البرزاني مع رئيس الحكومة ليفي اشكول الثالث من اليسار في القدس . ويقف في أقصى اليمين دفيد كرون . شمس الدين المفتي . الدكتور محمود عثمان . مائير عميت . الوف هروبن.

● پەیوەندیی کوردو ئیسرائیل لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە مۆسادی ئیسرائیلی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٤٨ تاکو ئایاری ١٩٥١ لە گواستنەوەی جولەکەی عێراق بەرەو وڵاتەکەی تووشی شکست هات.

ئەوکاتە ٩ هەفتە تێپەڕیبوو بەسەر ئیمزای (بن غۆرین)دا، بە دامەزراندنی مۆسادی ئیسرائیلی، بەو پێیەی دەزگایەکی هەواڵگرییە لە دەرەوە، بەڵام لەلایەن دەزگای ئەمنیی عێراقەوە تۆڕێکی گەورەی مۆساد لەناو عێراقدا دەستگیرکرا کە لە ٢٨ کەس پێکهاتبوون‌و لەنێویاندا تەنها دوو یەهودی هەبوو سزای لەسێدارەیان بۆ دەرچوو، حەڤدە کەسی تریان بە زیندانی هەتاهەتایی حوکمدران‌و ئەوانی تر ئازادکران.

پاش ئەشکەنجەیەکی زۆری دوو کرێگرتەکەی مۆساد کە لە بنچینەدا جولەکە بوون، لەلایەن مۆسادەوە پارەیەکی زۆر لە سویسرا خرایە سەر حسابی وەزیری ناوخۆی عێراقی‌و لەو رێگایەوە توانرا ئازادبکرێن‌و کۆتایی بە کاری ئەو دەزگایە بهێنرێت لەعێراقداو چیتر مۆساد نەیتوانی بە گواستنەوەی جولەکەی عێراق بەرەو ئیسرائیل هەستێت(١).

لێرەوە بن غۆرین‌و راوێژکارەکانی بیریان لە دۆستێکی نوێ کردەوە لە عێراقدا، ئەویش «کورد»ە کە دەتوانێت لە پاشەڕۆژدا دەستکەوتی گەورە بۆ ئیسرائیل دەستەبەربکات.

بۆیە دامەزرێنەرانی ئیسرائیل دەستیان بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نەتەوانە کرد کە عەرەب نین وەك (کورد، تورك‌و ئەسیوبی)و ئەو نەتەوانەی تر کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگی‌و کاریگەرییان هەیەو ئەم بۆچوونە وایکرد شەڕی ساڵی ١٩٥٦ی سوێس دروستببێت‌و ئەمریکا لە رێگای سەرۆك ئەیزنهاوەرو جۆن فۆستر دالاس (وەزیری دەرەوە)وە فشار بخاتە سەر بەریتانیاو فەرەنساو ئیسرائیل تاکو هێزەکانیان لە میسری عەبدولناسر بکشێننەوە، چونکە ساڵی ١٩٥٢ جەمال عەبدولناسر لە رێگای وێستگەکانی (CIA)یەوە هاتە سەرحوکم.

ئەوکاتە وەك هاریل ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ ئەوە چوون بەربەستێك لە بەرامبەر شەپۆلی ناسری سۆڤیەتیدا دروستبکەن، چونکە سۆڤیەت رۆڵی گرنگی لە چەکدارکردنی سوپای ناسری لە میسردا هەبوو و پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ تورکیاو ئێران‌و وڵاتانی رۆژئاوادا هەبوو و حکومەتەکەی نوری سەعیدیش لە عێراق ئەندامی هاوپەیمانێتی بەغدای ساڵی ١٩٥٥ بوو کە پاکستان‌و تورکیاو ئێرانی تێدا بوو تاکو شۆڕشی ١٩٥٨.

مۆساد ئیشی لەسەر ئەوە کرد کە لەگەڵ ئێران پەیوەندی دروستبکات، ئەوە بوو کرێگرتەیەکی نهێنیی دانا بەناوی یەعقوف کاروز کە لە پاریس کاریدەکردو تا پەیوەندییەکان گەیشتنە ئەو رادەیەی ئێران لە ساڵی ١٩٥٠ بەڕەسمی دان بە ئیسرائیلدا بنێت، ئەمەش پاش ئەوە دانپیانانەی تورکیا هات بە ئیسرائیلدا. ئەم کەسە بەڕەگەز عێراقی بوو، لە ساڵانی ١٩٥٥ تاکو ١٩٧٨ نوێنەری مۆسادو یەهود بووە لە ئێران لەگەڵ شاداو پاشان لە رێگای بازرگانیکردنی چەکەوە بووە سەرمایەدارێکی گەورە.

بەکرێگیراوێکی تری مۆساد کە شارەزای بواری سەربازیی بوو، رەوانەی تاران کرا بەناوی ماکس بینت‌و سەرپەرشتیی کاری هەواڵگریی لەسەر عێراق دەکردو بەردەوام لە هەوڵی گواستنەوەی جولەکەکانی عێراق بۆ ئیسرائیلدا بوو.

دوای شەڕی سوێس، پەیوەندیی ئیسرائیل‌و شای ئێران زۆر بەهێز بوو و پەرەیسەند، تا لە ئەیلولی ١٩٥٧ لە پاریس ژەنەراڵ تەیمور بەختیار سەرۆکی یەکەمی دەزگای هەواڵگری‌و ئاسایشی ناوخۆی ئێران (ساواك) چاوی بە یەعقوف کاروز کەوت‌و دوای ئەوە لەگەڵ (CIA)، ئێران پەیوەندیی بەهێزی بۆ دروستبوو، بەڵام ساواك بە پیلانێك لە ساڵی ١٩٦١ ژەنەراڵ تەیمور بەختیاری کوشت‌و لە جێگای ئەو،

لیوا نیعمەتوڵڵا ناسری داناو ئەمیش لە پەیوەندیو کارکردن لەگەڵ ئیسرائیلدا بەردەوام بوو تا لە ساڵی ١٩٧٨دا دەرکرا.

لە ساڵی ١٩٥٩وە لەسەر داوای شاو بن غۆرین، هاوکاریی سەربازیو هەواڵگری لەنێوان ئێرانو ئیسرائیلدا دەستپێکردووە، ئەم بەڵگەیەش لە بەڵگەنامەیەکی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا لە تاران دەستکەوتووە کە ساڵی ١٩٧٩ خوێندکارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران پەلاماری باڵیۆزخانەی ئەمریکایان داو دەستیان بەسەردا گرت.

لەو بەڵگەنامانەدا هاتووە «ئیسرائیل هاوکاریی سەربازیو هەواڵگریی ساواك دەکات، تا ئەوانیش هاوکاریی کوردی پێبکەن لە عێراق.»(٢)

لە عێراق کاتێك عەبدولکەریم قاسم لە شۆڕشی ١٩٥٨ حوکمی گرتەدەست، قاسم داوایکرد مەلا مستەفای بارزانی لە سۆڤیەتەوە بگەڕێتەوە عێراق، هەرچەندە ئەم دۆستایەتییەی کوردو دەسەڵاتدارێتیی عێراق کەمی خایاندو جارێکی تر شەڕی قورس لەنێوان سەربازانی عێراقی بە پشتیوانیی جاش دژ بە لەشکری مەلا مستەفا دەستیپێکردەوە، ئەوە بوو ٥٠٠ دێهاتی کوردستان کەوتە بەر هێرشی ئاسمانیی عێراقو نزیکەی ٨٠ هەزار کورد ئاوارە بوون، لەوکاتەدا حکومەتی عێراق دەستیکرد بە تەعریبی شاری کەرکوكو چەندین هۆزی عەرەبی لە باشوورو ناوەڕاستی عێراقەوە هێناو لە کەرکوك جێگیریکردنو لە کارگەکانی نەوت کرێکاری عەرەبی دامەزراند لە جێی کوردەکان(٣).

دوای کودەتاکەی عەبدولسەلام عارف لە بەغدا، لە ١٩٦٣/٢/٨ بە هاوکاریی راستەوخۆی (CIA) پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو میسریش باش بوو. بەڵام کوشتارو شەڕی کورد لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەر بەردەوامبوو(٤).

پاش ئەوەی هاریلی مۆسادی ئیسرائیلی گۆڕا بە مائیر عامیت، شەمعون پێرێزی وەزیری بەرگری توانیی بەنهێنی چاوی بە کامەران عەلی بەدرخان بکەوێت وەك بەکرێگیراوێکی مۆساد، چونکە لە سەرەتای دروستبوونو سەربەخۆیی دەوڵەتی ئیسرائیلدا کاری سیخوڕی بۆ مۆساد کردووە، پاش ئەوە بڕیار درا بۆ ماوەی ٣ مانگ لەلایەن ئیسرائیلەوە مەشق بە پلەدارەکانی ناو پێشمەرگەی بارزانی بکرێت لەژێر ناوی پرۆسەی مرفاد.

بۆیە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦دا بڕیاردرا پەیوەندی بە بارزانییەوە بکرێتو بە سەرۆکایەتیی حایم لیفاکۆفو بە هاوڕێیەتیی کۆمەڵێك نێردراوی ئیسرائیلی، کۆمەڵێکی زۆر پێداویستیی پزیشکی بە نەخۆشخانەیەکی مەیدانیو پزیشكو خواردن بە ئۆتۆمبیلی جۆری جێبو شاحینە لە ئێرانەوە بە مەلا مستەفای بارزانی گەیەنرا، لەو کاتەدا «ئاشکۆلو وەزیری دەرەوە ئابان ئیبان بەنهێنی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ چووبوونە ئێران.»

ئیلیاف ساڵی ١٩٧٨ لە میانی نووسینێکیدا کە لە رۆژنامەیەکی ئیسرائیلیدا بڵاویکردووەتەوە بەناونیشانی (مهمە سریە الی ملا مصگفی البرزانی فی کردستان الحصینە) دەڵێت: «کاروانی پێداویستییە ئیسرائیلیەکانی کە بۆ بارزانی دەچوو، لە حاجی هۆمەران گەیشتە دەست بارزانی کە ئەوکات کۆمەڵێك پێشمەرگەی چەکداری بارزانی چاوەڕوانی گەیشتنی کاروانەکە بوون.»

عام ١٩٦٨ رئيس الدولة الاسرائيلية زلمان شيزار يستضيف البرزاني

٣٢

ناوبراو دەڵێت هەر لە شوێنێکی نزیك حاجی ئۆمەرانیش بوو، لە ساڵی ١٩٧٢ چاوم بە بارزانی کەوت، ئەمەش ئەحمەد چەلەبی بۆی رێکخستین.

پاش گەیشتنی پێداویستییەکان، ئەو تیمە ئیسرائیلییەی کە چووبوونە ناوچەکە بۆ شەو لە بارەگایەکی نهێنی مەلا مستەفا بارزانییان بینیو بە زمانی روسی گفتوگۆیەکی سۆزدارانەی نێوان بارزانیو ئیلیاف ئەنجامدرا. بۆیە بە روسی قسەکرا، چونکە بارزانی لە سۆڤیەت فێری روسی ببوو، تیمە ئیسرائیلییەکەش تێیاندا بوو، روسیی دەزانی.

ئیلیاف سڵاوی گەرمی حکومەتی ئیسرائیلی گەیاندە بارزانیو بە بۆنەی یادی کردنەوەی ئەو کنێستەوە، مەدالیایەکی ئاڵتوونی کنێستی ئیسرائیلیی پێشکەش بە بارزانی کرد.

دوای گفتوگۆی هاوکاریی ئیسرائیل بۆ بارزانیو مەسەلەی پێدانی چەكو مەشقی سەربازی، نەخۆشخانەیەکی گەورە بۆ بارزانیو شۆڕشەکەی دانرا، کە ئیلیاف دەڵێت: ئەوە گەورەترین دیاری بوو، پێشکەشی بارزانیمان کرد.

یەکێك لەو پزیشکە ئیسرائیلییانەی کە چووبووە ناوچەکە، پزیشکی دان بوو، یەکسەر چارەسەری دانەکانی بارزانی کرد کە ببووە ئازارێکی جەهەنەمی بۆی.

پێش ئەوەی نێردراوەکانی ئیسرائیل بگەڕێنەوە، بارزانی بەئیلیافی وت: «سەرۆك وەزیران ئاگادار بکە ئێمە براینو هەرگیز ئێوە لەیادناکەین وەك یەهود کە گەلێك بووین، تەنها دەوڵەتن لە کاتی پێویستیماندا هاوکاریتان کردووین.»

ئیلیاف دەڵێت: «دوای ئەوە خەنجەرێکی پێشکەشی منو سەرۆکی کنێستی ئیسرائیلیی کرد.»

ئیلیاف لە ئایاری ساڵی ١٩٧٨دا دەڵێت: «بارزانی کەسێکی نەخۆشو دڵشکاوو لە دوایین مانگەکانی تەمەنیدا خانەنشینی (CIA) بوو لە یەکێك لە هۆتێلەکانیو لە ژووری نەخۆشخانەیەکی واشنتۆن لە ئەمریکا. لە کۆتایی تەمەنی نزیك ببووەوەو لە رێگای ئەندامێکی کۆنگرێسی ئەمریکییەوە بەناوی ستیڤین سولارزی ئەسڵ یەهودیو یەکەم دۆستی ئیسرائیل لە کۆنگرێس، پەیامێکی بۆ ناردبووم کە دەڵێت: هیوا هەیەو هیوابڕاو نیمو باوەڕم بەوە هەیە کە مەسەلەی کورد کۆتایی نەهاتووە.»(٥)

لە ماوەی مانگی هەنگوینیی نێوان کوردو ئیسرائیلدا کە بەنهێنی بوو، بارزانی بەشاراوەیی چەند سەردانێکی ئیسرائیلی کردووەو چاوی بە زۆر

سەرنووسەری ڕۆژنامەکانو سیاسییەکان کەوتووە، لەوانە؛ مەناحم بیگنو هەموویان سوێندیان خواردووە ئەو مەسەلانە بەنهێنی بهێڵنەوە.
بەتایبەت کە ساواکو مۆساد هاوکاری پارتی دیموکراتیان کرد بۆ دروستکردنی دەزگا هەواڵگرییەکەی بەناوی (پاراستن).
لەو کاتەدا مۆردەخای هود کە ئەفسەرێکی پلەداری جەنگ بوو لە سوپای ئیسرائیلی، بەرپرسی هاوبەشیکردنی چالاکییەکان بوو لەگەڵ بارزانیداو دواتر مۆردەخای بوو بە سەرۆك ئەرکانی سوپا، دوای ئەوە رائید ئیلیاهو کۆهین بۆ کاروباری هاوبەش، نێردرایە بارەگای سەرکردایەتیی بارزانی.
جاك ئەندرسۆن، ڕۆژنامەنووسێکی ئەمریکییەو زۆرترین بەدواداچوونی لەسەر پەیوەندیی کوردو ئیسرائیل هەیەو باس لە دابڕینی ئەو نێوەندەی

أصدقاء : من اليسار ديفيد كرون ، الدكتور محمود عثما

کوردو ئیسرائیل دەکات لە میانی ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٧٥ی نێوان شاو سەدامدا.
لە ئازاری ساڵی ١٩٧٢دا ئەندرسۆن دەڵێت: «هەموو مانگێك نێردراوێك لە ئیسرائیلەوە دەگەیشتە شاخەکانی لای بارزانیو ٥٠ هەزار دۆلاری بەنەقدی دەگەیاندە بارزانی.»
ناوبراو لە ڕێگەی راپۆرتێکی (CIA)یەوە زانیاریی وەرگرتووە کە دەڵێت: «بارزانی لە بەرامبەر ئەو یارمەتییانەدا بەردەوام لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەجەنگاو لە یەکێك لە جارەکاندا بەرپرسی دەزگای مۆساد (جەنەراڵ زەفی زامیر) بۆ مەسەلەی دەستکردن بە ناردنەوەی جولەکە عێراقییەکان بۆ ئیسرائیل، چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە. ئەمەش وەك هاوکاریی کورد بووە بۆ ئیسرائیل.»(٦)
لی دینسمۆر، کارمەندێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووەو لەو کاتەی پەیوەندیی کوردو ئیسرائیلدا، قونسوڵی ئەمریکا بووە لە کەرکوکو چاودێرێکی بێلایەن بووەو دەڵێت: «تاکو پێش ساڵی ١٩٧٢، ئەمریکا تەنها شەریکێکی بێدەنگی پەیوەندییەکانی نێوان قودسو کوردستان بووەو بەرهەڵستیش نەبووە.» لی دینسمور لە نووسینێکیدا کە ساڵی ١٩٧٧ بڵاویکردەوە، دەنووسێت: «ئیسرائیل لە خاکی ئێراندا مەشقی بە کوردەکان دەکرد بە هاوکاریی ساواکی شا.»(٧)
بەڵام زۆرینە پێیانوایە پەیوەندیی ئەمریکی- ئیسرائیلی- کوردی لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ٢٠٠٣ەوە زیادیکردووە.
ئەوانەی لەسەر مەسەلەی پەیوەندیی کوردو یەهود هاوسۆزن، زۆر لە ئەکادیمییەکانن کە پێیانوایە پەیوەندییەکی بۆماوەیی لەنێوان کوردو جولەکەی جیهاندا هەیە.
تیمێکی زانایانی ئیسرائیلیو ئەڵمانیو هنود لە ساڵی ٢٠٠١دا تاقیکردنەوەیان بۆ ٥٢٦ کەس کرد لە نەتەوەکانی «یەهودی کورد، کوردی موسڵمان، فەلەستینی عەرەب، یەهودی سفاردیم، یەهودی ئیشکینازین، بەدوی ناوچەی باشووری ئیسرائیل» لە ئەنجامدا بەدیارکەوت کە یەهودی کوردو یەهودی سفاردیم زۆر لەیەکەوە نزیکنو بەپێی لێکۆڵینەوەکە ئەو ئاکامە ڕاگەیەنرا کە «نەتەوەی یەهوزای یەهودی سەرەتای بوونی لە بنەڕەتدا لە ناوچەی کوردستان بووە، پێش ئەوەی بۆ ئیسرائیل کۆچبکەن، بەپێی لێکۆڵینەوەکە لە هەزاران ساڵی رابردوودا کوردو جوولەکە باوکو باپیری هاوبەشیان هەبووە.»(٨)
لە گفتوگۆی ڕاشکاوانەی پەیوەندیی کوردو ئیسرائیلدا، نووسەری ئیسرائیلی ئیلیعازر تزافریر خاوەنی کتێبی (من کوردم)، دەڵێت: «فرسەتە بۆ مانەوەی هێزی عێراقی کە لە ئیسرائیل کاردەکەنو ڕێگا بە ئێمەش بدەن بۆ ئەوەی ٢٠٠٠ یەهودی کە لە عێراق دەژین، بیانهێنینەوە. فرسەتی ئەوەشمان بۆ دابینبکەن کە پەیوەندیمان لەگەڵ شا محەمەد ڕەزا پەهلەویی ئێران بەتینتر بکەینو ئیسرائیل، ئێران بە یەکەم دۆستی نزیکی دەزانێت کە ئەوکاتە ناوەندی سەرکردایەتیی کردەوەکانی ئیسرائیل بووە لە کوردستاندا.»
لەو کردەوانەی لە ١٩٩٦/٥/١٢دا بوو، ئەفسەرێکی پلەداری هێزی موزەلیی ئیسرائیلی وەك یەکێك لە چەکدارەکانی بارزانی لە کەمینێکدا توانیی لیوا کامیل لە سوپای عێراقی دەستگیر بکات (٩).

سەرچاوەکان:
تواطؤ ضد بابل
اطماع الولايات المتحدة واسرائيل في العراق
جون ك.كولي، ترجمة انطوان باسيل
الطبعة الرابعة ٢٠٠٧
شركة المطبوعات للتوزيع والنشر- بيروت
پەراوێزەکان:
(١) Gordon Thomas , Gideons Spies : The Secret History Of The Mossad. (New York, ١٩٩٩ Thomas Dunne Books of st.martins Press .٤٢.P ,
(٢) Book and Morris, op.cit., pp. ١٨٣-٤.
(٣) David MacDowall , A Modren History of the Kurds (London and New York. I. B. Tauris, ١٩٩٦), p.٣١٤.
(٤) Marion Woolfson , Prophets in Babylon: Jews in the Arab Word (London and Boston, Faber and Faber, ١٩٨٠), p.٢١٨.
(٥) Yediot Aharonot, May ١٩٧٨,١٠, extracts quoted in Woolfson op.cit., pp. ٢٢١-٢: Conversations with authors private sources.
(٦) Edmond Ghareeb, The Kurdish Question in Iraq (Syracuse University Press ١٩٨١), pp. ١٤٢-٣.
(٧) Lee Dins more «The forgotten Kurds,» The Progressive, April ١٩٧٧, p. ٣٩.
(٨) Kevin Alan Books, «The Genetic Bonds Between Kurds and Jews,» untitled online newsletter found at www.barzan.com , undated. The article also contains researchers to genetic and anthropological studies by researchers at the Hebrew University of Jerusalem and elsewhere, and a bibliography of other articles and books supporting the supposed genetic affinity of Kurds and Jews.
(٩) G. H. Sedan, «Consulate Attack Marks Low point in Israeli-Kurdish Relations, « Jewish Telegraph Agency, published by Jewish News of Greater Phoenix, February ٢٦, ١٩٩٩ , p.٢.